سەید حەکیم: تێپەڕکردنی ڕکابەرییە ئەمنی و کۆمەلایەتی دەرگا بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان واڵا دەکات

لەمیانەی سەردانەکەی لە پارێزگای دیوانییە، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هێزەکانی دیوانییە و قەزای غەماس کەوت و لە میوانخانەی شێخ عەبدولمحسن ئەلزیادی باسی پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ هێزەکانی دیوانییە کرد و ئاماژەی کرد کە ئەو ڕکابەرییانەی تووشی عەراق هاتوون وەك ڕکابەری ئەمنی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ڕکابەری کۆمەلایەتی هەموو تێپەڕ بوون و ئیستا کاتی ئەوەیە خەریکی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان بین، بەڵام ڕووداوەکانی ناوچەکە کاریگەری لە ئابووری عەراق کرد بەهۆی پاشەکشە و کەمبوونی هەناردەی نەوتی عەراق کە بەشی سەرەکی بودجە پێك دەهێنێت.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە، کە قەیرانی ئابووری قەیرانەکی سەختە، جەختی لەسەر ئەولەویەتەکانی مووچە و پارەی جووتیاران و بەڵێندەران کردەوە بە بەردەوامبوونی جووڵەی ئابووری، بەدەستهێنانی ئاسایشی خۆراک و ڕەخساندنی هەلی کار، ئاماژەشی کرد بە ئەوەی جووتیار مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکی ساڵانە بکات ڕێنگە پارە قەرز بکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی، هەروەها باجەکی پێویست هەیە بۆ چاندنی زەویەکان لە ساڵی داهاتوودا، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی خەڵک بە خزمەتگوزارییەکان کردەوە، کە پێویستی بە گواستنەوەی پڕۆژەکان هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی هەلی کار و نەهێشتنی بێکاری، گوتیشی ئەوانە قەیرانی کاتین لە ئەنجامی فشارەکانی قەیرانی ناوچەکە بە سەر وڵاتانی جیهان ڕوویداوە، هەروەها داوای کرد لەبڕینی قەرزی جووتیاران لە پارەی داهاتی کشتوکاڵی خۆیان بێت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی بانگەوازەکەی نوێکردەوە بۆ وەرگرتنی وانە لە قەیرانی ئێستا بۆ هەمەچەشنکردنی شوێنەکانی هەناردەکردنی نەوت و هەمەچەشنکردنی ئابووری عەراق، بانگەوازەکەی پێشووی بۆ درێژکردنەوەی بۆری هەناردەکردن لە سەرانسەری دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست باسکردەوە، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتەکی تاك داهات کرد و هاندانی کەرتە ئابوورییەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای سەردەم، و پاشەکەوتکردنی پارەی نەوت بۆ بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی بەپێویست زانی، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە کێشەی ئابووری یارمەتیدەر بوو لە هاتنی ئەلزەیدی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و چارەسەرکردنی قەیرانەکان و داوای لێکتێگەیشتنی لە ڕووداوەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانیان لەسەر عەراق و ناوچەکە کردی، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پلانەکان بۆ ئەوەی دیوانییە ببێتە پایتەختی کشتوکاڵی عەراق...